# بابەت تۆببە* . . . . . . .

سیروان بابان
baban5@msn. com

ڕاپەڕینەمەزنەکەی کوردوستان دام ودەزگای بەعسی فاشی ڕامالّی وبۆ هەتاهەتایەچارەی ڕەشی ئەوڕژێمە خوێنڕێژە نەبینرایەوە لەگەلّ شاربەدەرکردنی جەللادانی زۆرلەوکوردانەی کەسیخوری بەعس بوون هەرزوودوای ئاغاکانیان کەوتن بەرەوبەغدا. بەلاّم هەندێکیان زوو یان درەنگ هەستیان بەپەشیمانی کردووهەرکەس بەشێوەی خۆی ئەوپەشیمانیەی دەر دەبڕی . یەکێك لەوشێوازانەی کەبەکارهێنرابوونامەیەك بووکە بەناونیشانی ***بابەت تۆببە*** بووکەکۆنەقائیمقامێکی بەعسی بۆیەکێك لەسەرکردەکوردەکانی ناردبووکە پەشیمانی خۆی دەربڕیبوولەبەرئەوەی کەپاش ڕاپەڕین ڕووەوبەغدا ڕۆشت بووبەلاّم دیارەهەرزووهەستی بەپەشیمانی کرد بووبۆیەبەم شێوەیەنامەی ناردبووکەناونیشانەکەی دیاروئاشکرایە کەناوەڕۆکەکەی چ شێوەیەك لەپەشیمانی دەردەبڕێت.

دیارەئەوکاتەخاوەنی ئەوتۆببەنامەیەوچەندکەسێکی دی بەرلێبووردنی گەلوسەرکردەکان کەوتبوون‌وەبگرەبوونەخاوەن دەسەلاّتیش لەلای زۆربەی پارتەکان. بەلاّم ئایا دەکرێت ئێستاش هەمان نامەقبولّ بکرێت لەوانەی کەبەدرێژایی سالاّنی حوکمی بەعسی ببونەدڕکێکی پیس لەژێرپێی هاوولاّتیانی کورددا بەتایبەتی کاتێك هاوولاّتیەکی کوردبۆهەرمەبەستێك ڕووەوشارەکانی ژێردەسەلاّتی ڕژێم دەچوودەبووایە چەند حساب بۆ عەرەبە بەعسیەکان بکات دەئەوەندەلەبەعسیەکوردە ڕاکردووەکان بترسێت ئەمەجگەلەچەندین تاوانی گەورەدژبەگەلی کورد.

بۆیەئەبێت سەرکردەوپارتەکوردیەکان ئەمجارە بۆ تۆ ببەقبولّکردنی سیخورەکان ولێبووردن لێیان زۆربەوردی بیربکەنەوە چونکەچیدی گەل پاساوی نابەجی قبولّناکات لەپێناو زیادبوونی لایەنگرانی پارتەکاندا لێبووردن ببێتە گەمەیەکی سیاسی کەتەنها سیخوڕانی کۆنەڕژێم سوودمەند دەبن و ئاساییشە وەك هەمووجار بەشی میللەتیش هەرزەرەر بێت.

ئەلّمانیا/١١. ٠٤. ٠٣

*باسی ئەم نامەیە لەزاری شەهید ملازم کەریم ەوە بیستراوە. . . . .

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت